# دزی و ڕێگری سەری هەڵداوەتەوە

دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام و هەنگاوهەڵێنانەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارو شارۆچکەکان کۆتایی بە دیاردەی بێکاری هات. هەر کەسێ ئەگەر بیەوێ کار بکات زۆر بە ئاسانی دەتوانێ ڕۆژانە بەلایەنی کەمەوە ١٥ هەزار دینار کە دەکاتە ١٠ دۆلار پەیدا بکات. لەلایەکی دیکەوە هەردوو لایەنی دەستەڵاتدار ژمارەیەکی یەکجار زۆریان لەلاوانی کوردستان وەك پۆلیس و پاسەوانی سنوورو پاسەوانی دارستان و زێرەڤانی دامەزراندووەو مانگانەش مووچەیەکی زیاتر لە٢٠٠ دۆلاریان پێدەدەن، بەڵام سەرباری ئەوەشەوە ئێستا دیاردەی دزی و ڕێگری بەشێوەیەکی ترسناك سەری هەڵداوەتەوە. ماوەیەکە دزیکردن خەڵکی دەڤەری گەرمیانی هەراسان کردووە. لەهەفتەی ڕابردوودا دوو باندی دزیکردن لەدەربەندیخان ئاشکراکراون و دەستگیرکراون. سەرچاوەیەکی پۆلیسی فریاکەوتن ئاشکرای کردووە کە باندێکی ترسناکیان دەستگیر کردووە، ئەو باندە دانیان بەوە داناوە کە بڕێکی زۆر پارەو زێڕی خەڵکیان دزیوە. هەر لەدەڤەری گەرمیاندا باندێکی ئافرەت ڕفاندن دەستگیر کراون. تاوانباران دانیان بەوە داناوە کە ئافرەتیان ڕفاندووەو لەبەرانبەر پارەدا ئازادیان کردوون. لەلایەکی دیکەوە پۆلیسی شاری سلێمانی ئاشکرای کرد کە باندێکی ترسناکی چوار کەسیان دەستگیر کردووە. ئەو باندە دانیان بەوە داناوە کە زیاتر لە٢١ماڵیان لەنێو شاری سلێمانیدا بڕیوە. زۆربەی ئەو تاوانانەش ڕۆژانی هەینی و ڕۆژانی پشوو ئەنجام دراون.

هەروەها لەدوایین هەفتەی مانگی شوباتدا، پۆلیسی شاری ڕانیە توانیان چەند دزێك دەستگیر بکەن کە بەدزی ماڵان ناسراون. بەگوێرەی قسەی پۆلیس لەتەنیا دزێکەوە توانراوە بڕێك پارەو زیاتر لە ٤٠ میسقال ئاڵتوون وەربگرنەوە. هەڵبەت شاری هەولێری پێتەخت لەو دزیانە بێبەش نەبووە. لەڕۆژانی یەکەمی ئەم مانگەدا چەندین حاڵەتی دزی و ڕێگری لەنێو شاری هەولێرو شارۆچکەکانی دەوروبەریدا ئەنجام دراون. ئێستا بڕینی دوکانی مۆبایل فرۆشەکان دەستی پێکردووە. خاوەنی ئەو دوکانانە ناچارن یان پاسەوانی تایبەت بگرن یان کەلوپەلەکانیان لەگەڵ خۆیاندا ببەنەوە ماڵەوە.

# مەولەوی تاوەگۆزی پاش سەدە و نیوێك زیاتر گەیشتەوە کوردستان



*سیروان نیوز:*

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لەلایەن بنەماڵەی تاوەگۆزیەکانەوە زیاتر لە٧٠٠ لاپەڕە لەبەرهەمێکی بڵاونەکراوەی شاعیری ناوداری کورد، مەولەوی تاوەگۆزی کە بەزمانەکانی کوردی، فارسی، عەرەبی نووسراوە لەتاران دۆزرایەوە. پاش دۆزینەوە بەرهەمەکە گەیەندراوەتە هەولێر، بەم نزیکانەش لێکۆڵینەوەو ساخکردنەوەی بۆ دەکرێ.

مێژووی ئەم بەرهەمە دەگەڕێتەوە بۆ ١٦٤ ساڵ لەمەوبەرو ئەوکات مەولەوی لەتەمەنی ٤١ ساڵانەدا بووە. بەرهەمەکە لەسەر لاپەڕەی زەردو بەمەرەکەبو بەخەتی خۆی نووسراوەو ناوەڕۆکی بەرهەمەکەش چەندین بابەتی ئەدەبی لەشیعرو فەلسەفەو تەسەوفی لەخۆ گرتووە. لەمبارەیەوە یەکێك لەنەوەکانی مەولەوی ئاماژەی بەوەدا کە بەکەفالەتی ٢٠٠ ملیۆن تمەن (دوو سەد هەزار دۆلار) ئەم بەرهەمە گەیەنراوەتە کوردستان و بەمەرجێك پاش لەبەرگرتنەوەو کۆپی کردن، دەستنووسەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ تاران.

شایانی باسە لەو سەردەمەدا بە مەبەستی بڵاوکردنەوە، بەرهەمەکە دراوەتە والی ئەو کاتەی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەویش دەیداتە موفتی ئەو شارە بەمەبەستی پێداچوونەوەو دواتر دراوەتە پێشنوێژی ئەو شارەو ئەویش بەرهەمەکە دەگەیەنێتە دەست سەرۆکی دادگەی پێشووی کرماشان کە ئێستا دانیشتووی شاری تارانەو بڕیارە پاش ساخکردنەوە، بەرهەمەکە لەهەولێر چاپ و بڵاوبکردرێتەوە.

# کێشەی ئەنفلەوەنزا کۆتا نەبووە

هەروەك بینیمان سەرەتا لە دەڤەری ڕانیە نەخۆشی ئەنفلەوەنزای باڵندە بەدیار کەوتوو دوو قوربانی لێکەوتەوە. بۆ ڕێگرتن لەتەشەنەکردنی نەخۆشیەکە لایەنە پەیوەندیدارەکان شاڵاوی ئەنفالی پەلەوەریان بەڕێوەبرد. لەپرۆسەی ئەنفالدا بە هەزاران پەلەوەر و باڵندەی جۆراوجۆر کوژران و لەناوبران، بەڵام خەڵکی دەڤەرەکە زۆربەیان باوەڕیان بە هۆکاری نەخۆشیەکە نەبوو. بۆیە هەوڵیان دەدا پەلەوەرەکانیان بشارنەوە. وتاری مەلای مزگەوتەکانیش کاریگەری زۆری لەسەر خەڵکەکە دانابوو، ئەمەیان بە پروپاگەندەی ئەمریکاو دژ بە ئیسلام ناو دەبرد. ئێستا دەرکەوتووە کە خەڵکی دەڤەرەکە ژمارەیەك لەپەلەوەرەکانی خۆیان شاردبۆوە، بۆیە جارێکیتر لایەنەکانی لەشساغی و تیمەکانی ڕێگرتن لەنەخۆشی ئەنفلەوەنزای باڵندە بە دێهاتەکاندا دەگەڕێن و هەوڵی لەناوبردنی ئەو پەلەوەرانە دەدەن کە شاردرابوونەوە. بەمەش چەندین گرفت و ناخۆشی لەنێوان خەڵك و تیمەکانی لەناوبردنی پەلەوەر ڕوویانداوە.

# هۆڵەندا بەنیازە ٤٠٠ خێزانی کورد دەربکات

وەك ئاشکرابووە لەکۆتایی مانگی شوبات گەورە بەرپرسانی (سوریا) لەوانە ئەحمەد عەیوش و غازی یوسف کە دوو ئەفسەری دەزگای هەواڵگری سوریان سەردانی وڵاتی هۆڵەندایان کردووەو لەگەڵ بەڕیوەبەرایەتی کۆچبەرانی هۆڵەندا کۆبوونەتەوە. حکومەتی سوریا داوای کردووە کە سنوورێك بۆ وەرگرتنی کورد دابنرێ، چونکە بەقسەی شاندەکە کورد لەسوریا هیچ کێشەیان نیەو مافی پەنابەری نایان گرێتەوە. لەم سۆنگەیەوە هۆڵەندا دەتوانێ کورد ڕەوانەی وڵات بکاتەوە. دوای ئەمە کاربەدەستانی هۆڵەندا ئاشکرایان کردووە کە ئامادەکاری بۆ ئەوە دەکەن کە لەداهاتوویەکی نزیکدا ٤٠٠ خێزانی کورد ڕەوانەی سوریا بکەنەوە بەو مەرجەی حکومەتی سوریا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکات و سزایان نەدا. ئەوەی شیاوی باسە لەدوای سەرهەڵدانی ١٢ی ئازاری ٢٠٠٤ ی ڕۆژئاوای کوردستان بە هەزاران کورد لەترسی گرتن و ڕاوەدوونان ڕوویان لەهەندەران کردووە. بەمەش گوشارێکی گەورە لەسەر سوریا دروست بووە. حکومەتی سوریا دەیەوێ بە هەر شێوازێك بێت تۆزێك لەگوشارەکان کەم بکاتەوەو وا پێشان بدات کە کێشەی کورد لەسوریا بوونی نییە.

# سکرتێری بزووتنەوەی گەنجان بریندار دەکرێ

هێرش مەسیفی سکرتێری بزووتنەوەی گەنجان بە پەیامنێری (ڕۆژی گەل)ی ڕاگەیاند کە کاتژمێر ٢٢ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٢٢ لەگەڕەکی نووسەرانی شاری هەولێر لەکاتێکدا لەگەڵ پاسەوانەکانی بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە وەبەر دەستڕێژی گوللە دراوە، خۆی و یەکێ لەپاسەوانەکانی بریندارکراون. ئێستا لەنەخۆشخانە کەوتووە. ناوبراو لەوباوەڕەدایە کە لایەنێکی سیاسی دیاریکراو لەچالاکی خۆی و بزووتنەوەی گەنجانی کوردستان نارازین و دەیانەوێ لەکارکردن ساردی بکەنەوە، بۆیە گومان لەوە دەکات کە ئەو لایەنە بەمەبەستی ترساندن تەقەیان لێکردبێ.

ئەوەی شیاوی باسە ماوەی چەند مانگێکە هێرش مەسیفی کە پێشتر سەرنووسەری گۆڤاری گۆنا بوو، بزووتنەوەی گەنجانی کوردستانی پێکهێناوە. ئامانجی ڕاگەیەندراوی ئەم بزووتنەوەیە برەودان بەتواناو هێزی گەنجانە، لەپێناوی وەدەستهێنانی مافەکانی گەنجان کارو چالاکی دەکات.

*بانە:*

# هێزەکانی ئینتیزامی و خەڵك تێکهەڵدەچن

بەگوێرەی هەواڵەکان کاتژمێر ٩:٣٠ی ٢٨- ٢ -٢٠٠٦ هێزەکانی ئینتیزامی لەهیچ و خۆڕاییەوە لاوێکی دەستفرۆش لەبەردەم بازاڕی (پاساژی خدر)ی دادەگرن. خەڵکانی ئامادەبوو لەشوێنەکە دەیانەوێ بەهاواری لاوەکەوە بچن و دەربازی بکەن، بەڵام هێزەکانی ئینتیزامی بەشێوەیەکی دڕندانە بە بەرچاوی خەڵکەوە لاوەکە دارکاری دەکەن، بەمەش تووڕەیی و ناڕەزایی بەرز دەبێتەوە، خەڵك بەداروبەرد پەلاماری هێزە ئینتیزامییەکان دەدەن، لاوەکەیان لە دەست دەردێنن و ڕاویان دەنێن، بەڵام کاتژمێر ١٧:٢٥ی سەر لەئێوارەی هەمان ڕۆژ هەر لەپاساژی خدردا تێکهەڵچوونێکی یەك کاتژمێر لەنێوان خەڵك و هێزی ئینتیزامیدا کە بەمەبەستی دەستبەسەرکردنی چەند کەسی دیکە ڕۆیشتبوونە ئەوێ، پێکدێ. لەم تێکهەڵچوونەدا خەڵك بەداروبەرد هێرش دەکەنە سەر هێزە ئینتیزامییەکان، دیسانەوە هێزەکە بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوەو ناتوانێ کەسێ دەستگیر بکات.

## هەواڵی سەیر

*ڕۆژی ٢٣-٢-٢٠٠٦ پێنج شەممە دوای هەڵپەیەکی زۆر گەیشتینە لۆریەکی پڕ لەبوتڵە غاز، داوامان لێکرد کە یەك، دوو بوتڵمان بداتێ، وتی وەڵاهی براکەم سەرکەونە سەر سەیارەکە ئەگەر یەك دانە نیوەشی تێدابوو بیبەن، دووێنێ کۆمەڵێ (بەرتیل) م داوەتە بازگەی کەرکوك ئینجا هێشتوویانە بیگەیەنمە هەرێم، لێرەش خوا هەڵناگرێ حکومەت هاوکاریان کردم دام بە (١١ هەزار) دینار لەو شوێنەی کە خۆیان لەگەڵمدا هاتن... کابرا ئەیووت ئەم بازگەیە ئیشی یەکەم جاری نییە لەمێژە ئاوەکەی وا ڕژاوە.

* لەقەزایەکی بندەستی کەرکوك باسی فەرمانبەرێکی ژنیان دەکرد کە لەفەرمانگەی خانەنشین کار دەکات، گوتبووی وەڵا من مێردەکەم فەرمانبەریشە لەلای خۆمان مووچەیەکی خانەنشینی سووکم بۆ دەرکردووە، کاکە گیان گرانیەو بەشمان ناکات فۆڕم و ئەوانە هەمووی فشەیە.

* لەبەنزینخانەی (بان مەقان) کارتێکی تایبەت بە شێوەی ڕەسمی لەلایەن حکومەتەوە بۆ هەندێ فەرمانبەرو کارمەندو مامۆستا کرا، بەتایبەتی بەڕێوەبەرەکان، بۆ ئەوەی سرەی بەنزین نەگرن و لەگەڵ دەفتەرەکانیاندا بەکاری بهێنن، بەڵام داخەکەم تەنیا جارێك زیاتر بە کارنەهاتوو ڕەتکرایەوە نازانین بۆچی؟. وتیان (حالك حال الناس)، کەچی بەچاوی خۆم بینیم سەیارەیەکی ئەهلی کە فەرمانبەریش نییە بەناوی شوێنەکەوە کارتی بۆ کرابوو.

* لەبەنزینخانەی ڕەحیم ئاوا – کەرکوك کابرایەکی بەتەمەن کە تاکسییەکی جۆری داتسۆن مۆدێل ٩٧ی پێ بوو لەگەڵ کرێکارێکی سەر پەمپەکە بوو بە قڕەقڕیان لەسەر (١٠) لیتر ، ئەم ئەیوت بۆم بکەرە دەبەوە کارم پێیە، ئەویش پێی نەدەدا، لەئەنجامدا پۆلیسەکە هات و وویستیان بەزۆر دەری بکەن، ئەمیش ئاسنێکی لەسەیارەکەی دەرکرد هاواری کرد وەڵاهی بۆم پڕنەکەن ئەم موزەخەیە ئەشکێنم، ئەوە بەبەرچاوی خۆتانەوە دەیان جلیکان پڕ دەکەن بۆچی دەنگ ناکەن، کەچی لەگەڵ مندا سەختگیرن لە دوێنێ ئێوارەوە سرەم گرتووە، ئەمە(ڕژێمی هەرێمە) یان حکومەت هەی خۆزگەم بەجاران، دوایی خەڵکەکە ئاشتیان کردنەوە بە نەختێ پارەی زیادی بۆیان پڕکرد.

# هەواڵ

## تەرمی کچێك دەدۆزرێتەوە

*ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٢٣ تەرمی کچێکی تەمەن ٢٧ ساڵ بەناوی (زولفا فەریق) لەگوندی بەربیانی سەر بەناحیەی پیرمام دەدۆزرێتەوە، بەپێی زانیاریەکان ئەو تەرمە هی دەڤەرەکە نییەو لەجێگایەکی ترەوە هێندراوەو لەوێ فڕەیانداوە.

## کوڕێك خۆی دەکوژێت

*ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٢١ گەنجێکی تەمەن ١٩ ساڵان بەناوی (سەنگەر سورچی) دانیشتووی شارۆچکەی باتاسی سەر بەناحیەی هەریر بەمەبەستی خۆ کوشتن ژمارەیەك حەبی ژەهراوی دەخوات و کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ. هۆکاری کوشتنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەسوکارەکەی ڕێگەیان پێنەدەدا کە بەدڵی خۆی ژن بێنێ و ئەڤیندارەکەی خۆی بخوازێ. ناوبراو پێشتر هەڕەشەی کردبوو، ڕاشکاوانە دیاری کردبوو ئەگەر دڵخوازی خۆی بۆ نەهێنن، خۆی دەکوژێت.

## دوکانێك دەبڕدرێ

*ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٢٢ دوکانێکی مۆبایل فرۆشی لە قەزای سۆران لەلایەن چەند دزێکەوە دەبڕدرێ و٢٣ هاندی لێ دەدزرێ. دوایی دەزگاکانی ئاسایش لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە دەکەن، گومان لەوەدەکرێت کە دەستی هەندێ پاسەوانی نێو بازاڕەکەی لەگەڵدابێ. بۆ دۆزینەوەی سەرەداوێکی ئەو تاوانە ئاسایش دوو لەپاسەوانەکان دەزگیردەکات. لەلایەکی ترەوە هەر هەمان شەو لەگەڕەکی بەرگوانی قەزای سۆران، لەماڵی هاولاتیەك ٦ بوتڵ غازو ١٠٠ لیتر بەنزینی دەدزرێ.

## سووکایەتی بەشێتێك دەکرێ

*ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٢٤ سێ گەنجی دانیشتووی شاری ڕانیە بەبیانوی پیاسەو گەڕان شێتیکی هاوتەمەنی خۆیان دەبەنە دەرەوەی شارو لەوێ بەیەکەوە خواردن دەخۆن و شێتەکەش بەمەی سەرخۆش دەکەن. دوای گەڕانەوەیان دەنگۆی ئەوە بڵاو دەبێتەوە کە ئەو سێ گەنجە دەستدرێژی سێکسیان لە شێتەکە کردووە. بۆ بە دواداچوونی ئەو تاوانە ئاسایشی ڕانیە هەر سێ گەنجەکەی دەستگیر کردووەو بە نیازە ڕەوانەی دادگایان بکات.

## خێزانێك دەکوژرێن

ڕۆژی ٢-٣- ٢٠٠٦ لەگەڕەکی شۆڕشی شاری هەولێر تەرمی خێزانێك کە لە ژن و مێردێك پێکهاتبوون بەناوەکانی ڕەمزی لەتەیف و فەوزیە کەریم لەماڵەکەی خۆیاندا دۆزرانەوە.

بەگوێرەی وتەی نزیکەکانیان ئەو خێزانە تەنیا لەژن و مێردێك پێکهاتبوون و منداڵیان نەبووە. تاوانەکە بەشێوەیەکی ترسناك ئەنجام دراوە، سەرەتا قوربانیەکان خنکێندراون پاشان بە گوللە لێیاندراوە، پێنج فیشەك بەجەستەی پیاوەکە دووانیش بەجەستەی ژنەکەوە دیاربوون. خوشکی پیاوەکە دەڵێ: براو براژنەکەم هەردووکیان گەورەبوون، تەمەنیان لەسەرووی ٧٠ ساڵیەوە دەبوو. نە منداڵیان هەیەو نە زیانیشیان بۆ کەس هەبووە، لەوانەیە تاوانباران گومانی ئەوەیان لێکردبن کە پارەیان هەبووبێ، بۆیە ئەوانیان کوشتووە. ئەگەرنا ئەوانە هیچیان لێناوەشێتەوە. هەندێ لەخەڵکی گەڕەکەکە پێیانوایە ئەوانەی تاوانەکەیان ئەنجام داوە بۆ قوربانیەکان ناسراوبووبن، بۆیە هەردووکیان کوشتوون، دەنا ئەگەر دزبان و تەنیا مەبەستیان پارە بوایە پارەکانیان دەبردو ئەو دوو پیرەیان نەدەکوشت.

## تەرمێك دەدۆزرێتەوە

ڕۆژی ١-٣- ٢٠٠٦ کەسێکی ناوچەی کەندێناوە تەرمێك دەدۆزرێتەوە، دەست بەجێ لایەنە پەیوەندارەکان ئاگادار دەکاتەوە. پۆلیسی ناوچەکە دوای ئاگادارکردنەوەیان دەچنە شوێنەکە. بەگوێرەی وتەی پۆلیس تەرمەکە هی کچێکی ٢٠ ساڵەبووەو هەر لەو شوێنەدا کوشتوویانە، لاشەکە ١٣ گوللەی دەمانچەی جۆری ١٤ خۆری پێوەبووەو شوێنی گوللەکانیش بەزەویەکەوە دیاربوونەو قەوانەکانیش هەر لەوێ بەجێ مابوون. دوای کوشتنی قوربانیەکە بۆ ئەوەی تەرمەکە نەناسرێتەوە. تاوانباران لاشەکەیان بەشێوەیەکی دڕندانە شێواندبوو. پۆلیس لەو باوەڕەدایە کە ڕۆژی ٢٧-٢-٢٠٠٦ تاوانەکە ئەنجامدرابێ.

## ماسیگرێك گیان لەدەست دەدا

بە گوێرەی هەواڵەکان کەسێك بەناوی (فیکری موحسین) کە پیشەی ماسی گرتن بووە ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٢١ لەنێو ڕووباری غازردا دووچاری کارەسات دەبێ و گیان لەدەست دەدا. سەرچاوەکان هۆکاری مردنەکە دەگێرنەوە بۆ ڕوودانی شۆرتی کارەبایی مۆتۆرەکەی، بەڵام سەرچاوەکانی تەندروستی تا ئێستا هۆکاری مردنەکەیان ڕانەگەیاندووە.

## خوێندکارێك خۆی دەکوژێ

خوێندکارێکی پۆلی شەشەمی زانستی بە ناوی (د. ئا. ع) دانیشتووی شاری کەلار شەوی ٢٠٠٦/٣/٢ بە دەمانچە خۆی دەکوژێت، خزم وکەسی خۆکوژەکە هیچ هۆکارێکیان بۆ ئەو خۆکوشتنە دیار نەکردووەو پێیانوایە خۆکوشتنەکە پەیوەندی بە کێشەی بنەماڵەیی و گرفتی دەروونیەوە نییە. بۆ بەدواداچوونی هۆکاری خۆ کوشتنەکە پۆلیس دەستی بەلێکۆڵینەوە لەگەڵ هاوپۆل و خزمە نزیکەکانی کردووە. ئەوەی شیاوی باسە ماوەیەکە دیاردەی خۆکوشتن لەنێو لاوانی کوردستاندا بەشێوەیەکی ترسناك پەرەی سەندووە.